# ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق: سیناریۆ و لێکەوتەکان

**موەفەق عادل عومەر،** دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی- زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق، بابەتێکە لە دوای ساڵی 2003وە تا ئێستا بەردەوام بۆتە بابەتی ڕۆژەڤ و بەتایبەت لایەنە سیاسییە ئیسلامییە شیعەکانی عێراق، پرسی کشانەوەی ئەم هێزانەیان وەك ئامرازێك و کەرەستەیەکی زیندوو پێش و پاش هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەورووژێنن. هەر حکوومەتێکی نوێ لە عێراق کە پێك دەهێندرێت، گوشاری لەسەر دەکرێت بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرك و چالاکییەکانی هێزە بیانییەکان لە عێراق. بەڵام ئەم پرسە پێ ناچێت ئەوها بەئاسانی و لە ماوەیەکی کورتدا کۆتایی پێ بێت، چونکە ئەمریکا ئەگەر خۆی بڕیار لەم بارەیەوە نەدات، زۆر زەحمەتە ئاوا بەئاسانی و لە ماوەیەکی کورتدا بەتەواوەتی لە عێراق بکشێتەوە. لە بابەتی ئەم جارەمان بە شێوەیەکی گشتی باس لە سیناریۆ و لێکەوتەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەکەین لە عێراق، کە لە ماوەی ڕابردوو دیسان بۆتە بابەتێکی گەرمی ڕۆژەڤ.

**ئایا دەرچوونی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق، پرسێکی جددییە؟**

حوکمڕانی لەسەر بنەمای پشکپشکێنە (محاصصە) لە عێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس سەری نەگرت و تووشی شکستێکی گەورە بووەوە؛ چونکە عەقڵییەت و تێڕوانینی لایەنە سیاسییەکانی عێراق تا ئێستا دوورە لە بنەمای شەراکەت و سازان و یەکترقبووڵکردن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە ئاراستەیەکی مەترسیدار لە بەغدا بەدەرکەوتووە کە دەیەوێت حوکمڕانی لە عێراق قۆرخ بکات و هەر یەك لە سوننە و کورد پەراوێز بخات؛ تەنانەت ئەم ئاراستە و عەقڵییەتە، دژایەتیی هەندێك لایەنی شیعەیش دەکا. ئەمریکاش دەرکی بەم ڕاستییە کردووە کەوا تا ئێستا عێراقی دوای سەددام حسێن لەبار نییە بۆ ئەوەی بەتەواوەتی دەستبەرداری بێت و هێزەکانی خۆی بەتەواوەتی لێی بکشێنێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین بابەتی دەرچوونی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق پرسێکی جددییە و، ئەم لێکەوتانەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:

**یەکەم:** بابەتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ڕابردوویەکی خراپی هەیە، بەتایبەت دوای ساڵی 2011 کە هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا بەپێی ڕێککەوتنی نێوان بەغدا – واشنتن لە عێراق بەتەواوەتی کشانەوە، دۆخی ناوخۆی عێراق بەتەواوەتی تێك چوو. لای هەمووان ئاشکرایە کە چۆن سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق، نووری مالیکی، هەوڵی دا دەسەڵات قۆرخ بکات و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیش گوشارەکانی بۆ سەر سوننە و کورد و لایەنە شیعەکانی دژی، زیاد کرد و عێراقی بەرەو هەڵدێر برد. تەنانەت دەکرێ بانگەشەی ئەوە بکەین کە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی عێراق بوو لەسەردەمی مالیکی کە سوننە و کوردی پەراوێز خستبوو و جۆرە

نامتمانەییەك لەسەر ئاستی عێراقدا سەری هەڵدابوو. بۆیە واشنتن ئەگەر بیر لە کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراق بکاتەوە، ئەوە ئەو مەترسییە سەرەکییە لە ئارادیە کە تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆی عێراقی لێ بکەوێتەوە و ئەگەری دووبارە دەرکەوتنی داعش تا ئەم ساتە لە ئارادایە و بەتەواوەتی لەناو نەچووە.

**دووەم:** جگە لە تێکچوونی سەقامگیریی ناوخۆی عێراق، ئاسایشی عێراق بە شێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبێتەوە لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق؛ چونکە لە حاڵەتی کشانەوەی ئەمریکا، ئەوە جووڵە و چالاکییەکانی میلیشیا لەیاسادەرچووەکان- هەرچەندە ئێستایش هەندێك جووڵە و هەنگاوی بێزارکەریان هەیە کە سەقامگیریی عێراق دەخاتە مەترسی- زیاتر دەبێت و ڕەهەندێکی فراوانتر و مەترسیدارتر لەخۆ دەگرێت. تەنانەت مەترسیی ئەوەیش دێتە ئارا کە ئەم میلیشیا لەیاسادەرچووانە کاریگەریی خراپیان بۆ سەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە دەبێت. واتا دەتوانین بڵێین عێراقی بێ ئەمریکا، دەبێتە گۆڕەپانێکی کراوە بۆ چالاکیی گرووپە چەکدارەکانی دژی ئەمریکا.

**سێیەم:** عێراق ئەگەر گوشار بخاتە سەر ئەمریکا بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی، ئەوە هەرچەندە واشنتن ئاوا بەئاسانی ناکەوێتە ژێر کاریگەریی گوشارەکانی بەغدا (لایەنە شیعەکانی نزیك لە تاران)، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر ناچار کرا بکشێتەوە، ئەوە ئەوکات کاردانەوەی واشنتن بەرامبەر بەم دۆخە لەوانەیە زۆر توند بێت، بەتایبەت لە ڕووە دارایی و ئابوورییەکەوە؛ چونکە بۆ هەموو لایەك دەرکەوت کەوا بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکادایە. لەبەر ئەم هۆکارە دەتوانین بڵێین یەکێك لە مەترسییەکانی ناچارکردنی کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، بریتییە لە گوشارە ئابووری و داراییەکانی واشنتن بۆ سەر بەغدا.

**چوارەم:** عێراقی ئێستا بە هیچ شێوەیەك بەرگەی سزا ئابووری و بازرگانی و سەربازییەکانی سەر ئاستی نێودەوڵەتی ناگرێتەوە، چونکە بارودۆخە ناوخۆییەکەی ئەوەندە شلەژاو و لاوازە، لە هیچ بوارێکدا سیاسەت و ستراتیژییەتێکی ڕاست و دروستی نییە. بۆیە ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی ناچار بکرێن لە کشاندنەوەی هێزەکانیان لە عێراق، پێشبینی دەکرێت ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە هەندێك بواردا جگە لە گوشارە دارایی و ئابوورییەکان، کە لە خاڵی سەرەوە ئاماژەمان پێیان کرد، هەندێك جۆری دیکەی سزا (وەکوو سزای سیاسی، دیپلۆماسی، سەربازی و هتد) بسەپێننە سەر عێراق.

**پێنجەم:** هاوکێشە و نەخشەی سیاسیی عێراق، بەتایبەت دوای ساڵی 2011، بەرەو تاکڕەویی لایەن و گرووپە سیاسییە شیعەکانی نزیك تاران هەنگاوی ناوە. هەرچەندە عێراقی دوای 2003 زیاتر لەسەر بنەمای سازان "تەوافوق"ی لایەنە سیاسییە هەمەجۆرەکان بنیاد نراوە بەڵام دوای کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی 2011، کەشوهەوایەکی سیاسیی نالەبار دروست بووە. بۆیە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان ناچار بە کشانەوە بکرێن، ئەوە نەخشە سیاسییە ناوخۆییەکەی عێراق تێك دەچێت و ئاڵۆزتر دەبێت و گرووپە شیعەکانی نزیك ئێران بەتەواوەتی کۆنترۆڵی عێراق دەکەن و ڕێگە بە لایەنە سیاسییە سوننی و کوردییەکانی عێراق نادەن بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا بکەن. واتا پێشبینیی سەرهەڵدانەوەی مەترسیی دووبارە قۆرخکردنەوەی دەسەڵات لەلایەن گرووپێکی دیاریکراوەوە هەیە ئەگەر واشنتن لە عێراق کشایەوە.

**شەشەم:** ڕووسیا و چین دوو هێزی ڕکابەری ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوان لە عێراق و ناوچەکەدا. هەر

بۆشاییەکی ئەمنی و سەربازی و ئابووری و بازرگانی لە عێراق دروست ببێت، ئەوە پێشبینی دەکرێت ئەم دوو هێزە ڕوو بکەنە عێراق و ناوچەکە بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە. هەرچەندە ئێستایش بە چەند شێوازێکی جیاواز کار کراوە کە ئەم دوو هێزە ڕوو لە عێراق و ناوچەکە بکەن، بەڵام بوونی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق و ناوچەکەدا بەربەستێکی کاریگەرە لە بەردەم فراوانبوونی ئەم دوو زلهێزە. واتا مەترسیی دەستاودەستکردنی ناوچەکە لە ئارادایە لە نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەگەڵ ڕووسیا و چیندا لە ئەگەری کشانەوەی ناچاریی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق.

لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە، پێ ناچێت ئەمریکا ئەوها بەئاسانی عێراق بەجێ بهێڵێت و گۆڕەپانەکە بۆ هەر یەك لە ئێران و ڕووسیا و چین چۆڵ بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر ئاماژە بە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی ئەفغانستان دەکرێت لە عێراق. سەرەتا با ئەوە لەبەرچاو بگرین کەوا عێراق، ئەفغانستان نییە. ئەگەر تەماشایەکی مێژووی ئەفغانستان بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆنترۆڵکردنی ئەم وڵاتە کارێکی سەختە و دەبێتە کێشەیەکی زۆر گەورە بۆ ئەو لایەنەی کە دەیەوێت داگیر و کۆنترۆڵی بکات؛ تەنانەت یەکێك لە هۆکارەکانی ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو داگیرکردنی ئەفغانستان بوو. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکە لە ساڵی 2020 واشنتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ تالیبان بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی دا لە ئەفغانستان؛ واتا ئەمریکا لە ئەفغانستان دەرنەکرا بەڵکوو لە ئەنجامی کارێکی هاوبەش و لە چوارچێوەی ستراتیژییەتێکی دیاریکراو لەگەڵ تالیبان هێزەکانی خۆی کشاندەوە. جگە لەمە، بوونی تالیبان لە ئەفغانستان بەم فۆرم و شێوازەی ئێستا وەکوو گوشارێکیش بۆ سەر ئێران دەبینرێت. بۆیە بەراوردکردن لە نێوان عێراق و ئەفغانستان کارێکی زانستی و لۆژیکی نییە.

**لێکەوتەکانی ئەم بڕیارە لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق چی دەبێت و چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا؟**

لێکەوتەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق زۆرن، جا ئەم کشانەوە ئارەزوومەندانە بێت یاخود لە ئەنجامی گوشاری گرووپە چەکدارەکان و ئێران بێت؛ چونکە چۆڵکردنی گۆڕەپانەکە خۆی لە خۆیدا مەترسییەکی گەورەیە. بێ گومان لە ئەگەری دەرچوونی بڕیارێکی لەم شێوەیە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا پێ دەنێتە قۆناغێکی تازە و جیاواز. لێرە دەتوانین دەربارەی ئەم پەیوەندییە ئاماژە بەم دوو سیناریۆیەی خوارەوە بکەین:

**سیناریۆی یەکەم:** ئەگەر ئەمریکا بە ڕێککەوتن و بە ئارەزووی خۆی بڕیاری دا پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا بکات، ئەوە شێوازی پەیوەندییە دووقۆڵییەکە دەچێتە قۆناغێکی نوێوە. واتا دووبارە پەیوەندییەکە دادەڕێژرێت و واشنتن بە شێوازێکی جیاوازتر مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکات. بێ گومان ئەگەر تێبینییە گشتییەکانی ئەمریکا لەم ڕێککەوتنە لەبەرچاو بگیرێت، ئەوە لەوانەیە بۆ بەرژەوەندیی هەردوو لا سوودی هەبێت. هەر بۆیە ئێستایش چاوەڕوان دەکرێت لە ئەنجامی گفتوگۆی دووقۆڵیی نێوان واشنتن و بەغدا لە چوارچێوەی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەردوو وڵات بە پەیوەندییەکانیاندا بچنەوە؛ بە شێوەیەك لە چوارچێوەیەکی یاساییدا درێژە بە بوونی ئەمریکا بدرێت لە عێراق. لەبەر ئەم هۆکارەیە دەبینین "پاتریك ڕایدەر" وتەبێژی فەرمیی پێنتاگۆن ڕای گەیاند کەوا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە پلانیاندا نییە. ئەمەیش زیاتر ئەم سیناریۆیە پشتڕاست دەکاتەوە. لە لایەکی تر هەرێمی کوردستان لە ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە، دەبێت خۆی لەگەڵ عێراق بگونجێنێت لە چوارچێوەی

دەستووری ساڵی 2005. بێ گومان گوشارەکانی لایەنە شیعەکانی نزیک تاران لەسەر هەولێر کۆتاییيان پێ نایەت و زیاتر کار لەسەر تێکدانی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و سەربازیی هەرێمی کوردستان دەکرێت. بەڵام سەرەڕای گشت لایەنە نەرێنییەکانی ئەم سیناریۆیە، بوونی ئەمریکا بە هەر شێوەیەك لە سوودی هەرێمی کوردستانە، چونکە هەولێر هاوپەیمان و دۆستی واشنتنە؛ سەرەڕای ئەوەی زاراوەی هاوپەیمانیبوونی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا مشتومڕی زۆری لەسەرە کە ئایا هەرێمی کوردستان بەڕاستی هاوپەیمانی ئەمریکایە یاخود نا؟ چونکە هەندێك جار ئەمریکا وەکوو هاوپەیمان ڕەفتار لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکات.

**سیناریۆی دووەم:** ئەم سیناریۆیە زیاتر بەندە بەو گوشارانەی کە لەلایەن گرووپە شیعەکانی نزیک تاران دەکرێنە سەر ئەمریکا. ئەگەر ئەمریکا ناچار کرا لە عێراق بکشێتەوە، ئەوە پەیوەندییە دووقۆڵییەکەی عێراق و ئەمریکا بۆ نزمترین ئاست دادەبەزێت لە دوای ساڵی 2003. لەم حاڵەتەدا دوور نییە واشنتن تۆڵە لەو لایەنە سیاسییانە بکاتەوە کە دژایەتییان دەکرد. هەروەها بەپێی ئەم سیناریۆیە، کورد و سوننە لە عێراق ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی زیاتر دەبنەوە و پێشبینیش دەکرێت، کورد بکەوێتە ژێر ڕەحمی گرووپ و لایەنە سیاسییە شیعەکانی نزیک تاران. لەم حاڵەتەیشدا سەقامگیریی عێراق بەتەواوەتی تێك دەچێت و دەگاتە ئاستێکی مەترسیدار. ڕوودانی سیناریۆی دووەم، یەکپارچەییی خاکی عێراق دەخاتە مەترسی و جۆرێك لە ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و ئەمنی و سەربازی لە عێراق سەر هەڵدەدات و دەبێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە. لەبەر ئەم هۆکارانەیە زیاتر هەوڵ دەدرێت ئەم سیناریۆیە دروست نەبێت. تەنانەت ئێرانیش لەگەڵ تێکچوونی ڕەوشی ئەمنیی عێراقدا نییە بەتەواوەتی، چونکە مۆدێلی عێراقێکی لاواز و لەژێر هەژموونی تاران، یەکێکە لە ستراتیژییەتە وازنەهێنراوەکانی ئێران.

**پەیوەندییەکانی کورد و سوننە و شیعە لە پاش دەرچوونی ئەمریکا لە عێراق بە چ شێوەیەک دەبێت؟**

کورد و سوننە دوو پێکهاتەی سەرەکیی عێراقن و لە دوای ساڵی 2003وە هەوڵ دراوە لە ڕێگەی سازانەوە ئەم دوو پێکهاتە سەرەکییەی عێراق ڕازی بکرێن. بەڵام بەهۆی ئەوەی سوننە لەسەرەتادا دژایەتیی خۆیان بۆ سیستەمی فیدراڵی لە عێراق ڕاگەیاند، بۆیە تا ئێستا نەتوانراوە هەرێمێکی سوننە لە عێراق پێك بهێنرێت؛ هەروەها بەهۆی ناتەباییی لایەنە سیاسییە سوننەکان و نەبوونی سەرکردایەتییەکی قبووڵکراو لەلایەن شەقامی شارە سوننەنشینەکانەوە، پێگەی سوننە لە عێراق زۆر لاواز بووە و کەوتۆتە ژێر ڕکێفی لایەنە شیعەکانەوە. بەرامبەر ئەمە، کورد لەسەر ئاستی عێراقدا بەتەنیا ماوەتەوە و تەنانەت قەوارە دەستوورییەکەیشی کەوتۆتە ژێر مەترسی؛ ئەمانە سەرەڕای بوونی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ڕوویان داوە. ئەگەر ئەم هێزانە لە عێراق نەمێنێن هەردوو پێکهاتەی سوننە و کورد ڕووبەڕووی مەترسییەکەی گەورە دەبنەوە. بۆیە زۆر گرنگە لایەنە سیاسییە سوننەکان و حزبە سیاسییە کوردییەکان لەم ڕاستییە تێ بگەن کەوا ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت، مەرجە بەیەکەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان کۆك بن و هەڵوێستەکانیان ڕێك بخەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی گرووپە شیعەکانی نزیک تاران. بەڵام ئەم یەك هەڵوێستیە ئاوا بەئاسانی نایەتە دی و پێویستی بە کار و هەنگاوی گرنگ هەیە؛ مەحاڵ نییە بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئاسان نییە. هەر بۆ نموونە دوایین دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەربارەی تاوتوێکردنی دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق، کورد و سوننە بەشدارییان تێدا نەکرد و، ئەم هەڵوێستەیش قورسایی و پێگە و پەیامی گرنگی لەخۆ گرتبوو. جگە لەم بابەتە دەکرێ لە بابەتەکانی وەکوو پێکهێنانی هەرێمێکی سوننە، بەشدارپێکردنی

سەرجەم پێکهاتەکان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە عێراق و دانانی سنوورێك بۆ پێشێلکارییەکانی گرووپە لەیاسادەرچووەکان، ببنە گرنگترینی ئەو خاڵانەی کە کورد و سوننە بەیەکەوە کاری لەسەر بکەن.

بەگشتی دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی شیعە لەگەڵ سوننە و کورد زۆر خراپ دەبێت و ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوە ئەم پرسە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ سەر سەقامگیریی عێراق.

**سیاسەتی ئێران و تورکیا لە پاش کشانەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا چی دەبێت؟**

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق، تەنیا کاریگەریی لەسەر ئاستی ناوخۆ نابێت بەڵکوو کاریگەرییەکانی لەسەر ئاستی هەرێمییش دەبێت. یەکێك لەو وڵاتانەی کە لەوانەیە زۆر سودمەند بێت لە دەرچوونی ئەم هێزانە، تورکیایە؛ چونکە ئەنقەرە بە شێوەیەکی گشتی لە عێراق پەراوێز خراوە. دروستبوونی هەر بۆشاییەك لە عێراق، ئەوە دەکرێ بە شێوەیەکی کاریگەر تورکیا تیایدا ڕۆڵ بگێڕێت بۆ پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەك کە لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق دروست ببێت. ئەنقەرە بەردەوام نیگەرانییەکانی خۆی دەربارەی بوونی چەکدارانی پەکەکە لە عێراق ڕاگەیاندووە. هەروەها تورکیا لە سووریاش کێشە و گرفتی جددیی هەیە لەگەڵ بوونی ئەمریکا لە سووریا و پاڵپشتیکردنی هەندێك لایەنی کوردی لەلایەن واشنتنەوە کە ئەنقەرە بە تیرۆریست ناوزەدیان دەکات. دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەنقەرە سوودمەندترین لایەن دەبێت لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق و سووریا.

ئێرانیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ئەم بابەتە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دەبێت. سەرەتا تاران لە دوای ساڵی 2003وە توانیویەتی کۆنترۆڵی جومگە سەرەکییەکان عێراق لە بکات و چەندان گرووپ و لایەنی چەکداری نزیك خۆی دابمەزرێنێت، بەڵام ڕاستییەکی حاشەهەڵنەگر هەیە ئەویش بریتییە لەوەی سەرەڕای ئەو کار و چالاکییە چڕانەی تاران لە عێراق، بارودۆخی عێراق زۆر ئاڵۆزە و ماڵی شیعەیش یەکگرتوو نییە، بەتایبەت لەسەر ئاستی شەقام. دوای تێپەڕینی نزیکەی بیست ساڵ بەسەر حوکمڕانیی حزب و گرووپە سیاسییە شیعەکانی عێراق و شکستهێنانیان لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری و دابینکردنی سەقامگیری و بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بوونەتەوە کە ئەمەیش بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی پاڵپشتیی شەقامی شیعە بۆ ئەم حزب و لایەنە سیاسییانە. بۆیە پێ ناچێت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، تاران بتوانێ شەقامی عێراق بەگشتی و شیعەکان بەتایبەت کۆنترۆڵ بکات، چونکە نێوماڵی شیعەیش دابەشی چەندان ڕەوت و گرووپ و بۆچوون بوونەتەوە و پێش ناچێت کۆنترۆڵکردنی عێراق لەلایەن ئێرانەوە دوای دەرچوونی ئەمریکا و هاوپەیمانان، کارێکی ئاسان بێت؛ چونکە جگە لە ناتەبایی لایەنە شیعەکان و بوونی جیاوازیی بنەڕەتی لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد و سوننە و شیعە)، تورکیاش بەچڕی هەوڵ دەدات بێتە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق. جگە لە تورکیاش دوو هێزی بەرچاوی ناوچەکە و جیهانیش دەستەوەستان نابن بەرامبەر ئەم پێشهاتانە، کە ئەوانیش بریتین لە ڕووسیا و چین.

تاران لە سووریاش خاوەن پێگەیەکی بەرچاوە؛ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتە، تاران ڕووبەڕووی ڕکابەرێکی بەرچاو دەبێت لەگەڵ هەر یەك لە تورکیا و ڕووسیا و چین. واتا ئەو ناوچانەی کە لەلایەن ئەو هێزانەوە کۆنترۆڵ کراون کە ئەمریکا ڕاستەوخۆ پاڵپشتییان لێ دەکات، دوای کشانەوەی

ئەمریکا لە سووریا، تاران ڕووبەڕووی ململانێیەکی زۆر دەبێتەوە لەم ناوچانە؛ چونکە لایەنی کاریگەری دیکەی زۆر هەن کە چاوەڕێی ساتی کشانەوەی ئەمریکا دەکەن.

بەکورتی دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە بوونی ئەمریکا لە عێراق و سووریا، زیاتر لە بەرژەوەندیی تاراندایە، چونکە ستراتیژییەتی ئێستای ئەمریکا لە ناوچەکە ڕاستەوخۆ بریتی نییە لە ڕووبەڕووبونەوەی ئێران، بەڵکوو ڕابردوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە تاران و واشنتن سوود لەو ڕکابەری و ململانێ دەستکردە دەکەن کە لە ناوچەکەدا نمایشی دەکەن. ئەم نمایشەیش لەلایەن سەرۆکی پێشووی ئەمریکا "دۆناڵد ترامپ"وە بەئاشکرا ڕاگەیەنرا کە چۆن دوای کوشتنی "قاسم سولەیمانی" لەلایەن ئەمریکاوە، تاران بە واشنتنی ڕاگەیاندووە کە دەبێت بنکەی سەربازیی "عین الأسد" مووشەکباران بکەن و بە ڕێککەوتنی هەردوو لا بە 18 مووشەك ئەم بنکە سەربازییە مووشەکباران کرا بەڵام هیچ کام لە مووشەکەکان لە بنکەکە نەدرا بەڵکوو مووشەکەکان کەوتنە دەوروبەری بنکەکە بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکیان هەبێت. کەواتە ئەمە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت سیاسەتی ئەمڕۆی ئەمریکا بەرامبەر بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر سوودی هەیە بۆ تاران و بووەتە سەرچاوەیەکی هێز بۆی و بە شێوەی بەرژەوەندیی هاوبەش، هەردوو لا سوودیان بۆ ئەوەی تر هەیە و ئەو ململانێیەی نێوانیان تەنیا شتێکی شکڵییە و هیچ بنەمایەکی ڕاستەقینەی نییە. با ئەوەیشمان لەیاد نەچێت کە ئەمریکا لە ساڵی 2003 عێراقی داگیر کرد، ئەم هەنگاوەی واشنتن لەلایەن تارانەوە پاڵپشتیی لێ کرا و تەنانەت مەرجەعی باڵای شیعەکان لە شاری نەجەف فەتوای بەحەرامکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە بیانییەکانی دا بە بیانووی ئەوەی شاری نەجەف شارێکی پیرۆزە و نابێت تیایدا خوێن بڕێژرێت.

بەرامبەر ئەمە فاکتەرێکی زۆر گرنگ لە ناوچەکە هەیە، ئەویش "ئیسرائیل"ە. ئیسرائیل بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادات کەشوهەوایەکی ئاوا لە ناوچەکە، بەتایبەت لە عێراق دروست بێت، کە ببێتە مەترسی بۆ سەر قەوارەکەی. چیای شنگاڵ ئەو شوێنە بوو کە ڕژێمی پێشووی عێراق لە ڕێگەیەوە بۆردوومانی ئیسرائیلی کرد، بۆیە ئیسرائیل بە هەر بەهایەك بێت ئەوە قبووڵ ناکات عێراق و ئەم ناوچانە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەو گرووپە چەکدارانە کە لەوانەیە ببنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی خۆی. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە دەبێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە هەڵوێست و تێڕوانین و بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلیش لەبەرچاو بگیرێن. چونکە ئەگەر ئێستا جەنگی غەززە نەبوایە، هەڵوێستی ئەمریکا لەوانەیە لەبارەی مانەوە و یاخود کشانەوەی لە عێراق و سووریا جیاوازتر بایە؛ بەڵام تا ڕادەیەکیش بێت گوشارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئەمریکا وای لە واشنتن کردووە ئاوا بەئاسانی لە ناوچەکە نەکشێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە کۆتاییهێنان بە جەنگی غەززە، پێ ناچێت ئاوا کارێکی ئاسان بێت و ئەم جارە ئیسرائیل کار بۆ ئەوە دەکات کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و موسڵمان ئاسایی بکاتەوە؛ تەنانەت دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کەوا یەکێك لە مەرجەکانی ئیسرائیل بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی غەززە، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی بێت لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و عەرەبی و موسڵمان. ئەم جەنگەیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی کردۆتە سەر مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا.

**کۆبەند**

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر سەقامگیریی جیهان، بۆیە

هەر ڕووداوێکی نەخوازراو تیایدا یاخود قووڵتربوونی ناکۆکی و گرفتەکان دەبێتە جێگەی سەرنج و بایەخی وڵاتە زلهێزەکان و هێزە هەرێمییەکان؛ عێراقیش بەهۆی پێگە جیوستراتیژییەکەیەوە لە ناوچەکەدا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە؛ تێکچوونی، یانیش بەرپابوونی سەقامگیری لەم وڵاتەدا کاریگەریی هەیە لەسەر ناوچەکە بەتایبەت و لەسەر جیهان بەگشتی. بۆیە هەر گۆڕانکارییەك لەسەر ئاستی عێراق ڕوو بدات، ئەوە کاردانەوەی ئەکتەرە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەمریکا جارێ بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی خۆی نەداوە لە عێراق و سووریا، پێش ناچێت بەئاسانی عێراق بەجێ بهێڵێت. دانوستانەکانی ئەم دواییەی واشنتن و بەغدایش بریتییە لە تاوتوێکردنی بابەتی داڕشتنەوە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراق؛ واتە پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان ئەمریکا و عێراق بەپێی ڕێککەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی کە لە ساڵی 2008 واژوو کرا و، دووبارە دادەڕێژرێتەوە. لەبەر ئەمە دەکرێ بڵێین دانوستانەکانی ئێستای نێوان عێراق و ئەمریکا لەمەڕ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نییە، بەڵکوو لەسەر بنەمای دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە.

لە کۆتاییدا دەکرێ ئەوە بڵێین کە ئێستا دوو فاکتەری سەرەکیی کاریگەر هەیە لەسەر مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق: یەکەمیان بریتییە لە جەنگی غەززە کە بەهۆی ئەم جەنگەوە ئیسرائیل گوشار دەخاتە سەر ئەمریکا لە ناوچەکەدا بەتەنیا بەجێی نەهێڵێ و بەرەی تر لە دژی ئیسرائیل نەکرێتەوە. ئەوەی دووەمیان هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییە لە ئەمریکا کە بڕیارە لە مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ ئەنجام بدرێت. ئەم دوو فاکتەرە وایان کردووە لانی کەم ئێستا واشنتن بیر لە کشانەوە لە عێراق و سووریا نەکاتەوە.